بەهۆی شەونوێژەوە
خۆشەویستی الله بەدەست بهێنە

ئامادەکردنی
مامۆستا کامەران کەریم

نوسینی
شیخ موصعب

بیسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی :

بسم الله الصلاة والسلام على رسول الله وعلى ال وأصحابه ومن اهتدى بهدى إما بعد:

سوپاسێکی نەبراوە بۆ الله تعالی بۆ ئەو سیفەتەبەرز و جوانانەی هەیەتی کەوا بەهۆی ئەم سیفەت و جوانانەی کەوا بێ وینەیە کەس وەکو ئەو نیە و هاوشێوەی لەهی هیچ مخلوقێك ناچێ بەوەی لایق و شاینە بەخۆی .

یەکێکە لە سیفتەهەرە بەرزەکانی الله تعالی خۆش ویستنی بەندەکەیەتی کە بەندەیەك بێ کە خۆیی لێ رازی بێت ، وە بۆ ئەوەی ئەم سیفەتە بەرزەش بەدەست بهێنی ئەوەیە ئەبێ ئینسان هەولی بۆ بدا جا هەولدانەکانیش زۆرن و هۆکاری زۆرن بۆئەوەی بگەیت بەم هۆکارەی کەوا خۆشەویستی الله تعالی بەدەست بهێنی . یەکێك لەم هۆکارانە . شەونوێژە کە بەهۆیەوە ئینسانی ئیماندار نزیکتر ئەبێتەوە لە الله تعالی چونکە لەکاتێکدایە کەوا خەلکی لەبێ ئاگایدان ئەم بەندە موخلیصەش بەتەنها بۆ رازیبوونی الله تعالی بەچاوی گریانەوە بەدلێکی پر ئیمان و بەترسەوە هەلدەسیتێ موناجات لەگەل الله تعالی دەکا بۆ ئەوەی بتوانی مغفیرەت و لێخۆشبوونی الله تعالی بەدەست بیهێنی ، لەبەر ئەوەی الله تعالی لە کۆتایی سێ یەکی شەودا دێتە خوارەوە بۆئەوەی بەندەکانی ببێنی کەوا ئەم عیبادەتە مەزنە ئەنجام ئەدەن وە وەصفیان دەکا لەلای مەلائیکەتەکانی ئاسمان.

مامۆستا کامەران کەریم (رحمه الله) لە چەند کەلامێکی خۆییدا چەند ئایەتێك و حەدیسێکمان بۆشی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم فەزلە گەروەیە لەدەست خۆمان نەدەین و بەردەوام بین لەسەری و وازی لێ نەهێنن تاوەکو عەزم و جزممان هەبێ لەسەر ئەم عیبادەتە گەورەیە .

(وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين)

خۆتەنها کردن

⭑خۆتەنها کردن لەگەل الله تعالی دا لەکۆتایی شەوەکاندا لەوکاتەی کەوا خەلکی خەوتوونە (الخلوة به وقت النزول الإلهي لمناجاته، وتلاوة كلامه)لەگەل الله تعالی دا بەتەنها بی لەوکاتەی پێش نوێژی بەیانی بەسەعاتێك یان دوو سەعاتێك کە پێ ئەوترێ (سەحەر)بەتەنیا بە لەگەل الله تعالی دا قورئانەکەی بخوێنەرەوە

(، والوقوف بالقلب، والتأدب بأدب العبودية بين يديه)لەبەر دەستی الله تعالی دا خۆت زەیلیل بکە و بپارێرەوە (، ثم ختم ذلك بالاستغفار والتوبة.)دوای ئەو ئیشانەی کە کرد لە زیکر و لەقورئان خوێندن و نوێژکردنەوە دەست بکە بە ئیستغفار کردن و بەداوای لێخۆشبوون لەوکاتەدا .

(فإنه وقت قسم الغنائم وتفريق الجوائز)ئەوکاتەیە کە الله تعالی جائیزەکانی خۆیی دابەش دەکا بەسەر بەندەکانیدا ، بۆنمونە بلێن سەعات دووی شەو هەلسن دەفتەرە دۆلار دابەش ئەکرێ !کەس ناخەوێ ! هەلسن رەزامەندی و مەغفیرەتی الله دێتە خوارەوە قوەتی ئیمانەکە و خۆشەویستیەکە کەمە خەوەکەی لای خۆشترە ئەگەر یەقینێکی باشی هەبێ یەقینی هەیە بەس کەمە ئیمانێکی بەهێز ئیمانی هەیە بەس کەمە خۆ هەموومان ئیمانمان بەمە هەیە بەلأم نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی یەکەسەر راپەریت و بلێت من ئەوەم ئەوێت ئەوە هەرکەس با سەیری خۆیی بکا ئەوەی هەیەتی الحمدلله ئەوەشی نیەتی با هەولبدا هەیبێت ، ئەمە مەحەبەتی الله تعالی رادەکێشی بۆتۆ لەوکاتەدا .

ئاگاداربن سیفاتەکانی الله تعالی نابێ بشوبهێنی بەسیفاتی ئینسانەکان ، بۆنمونە هەندێك کەلام باسکراوە یەکێك لەوانە إبن تيميه ئەو زانایانەی سەلەفی ئومەت کەوا إتهام کراون بەوەی کەوا مجسیمەن بەداخەوە زۆر مەلایانی مەنتیقەی خۆمان بە إبن تيميه دەلێ مجسیمە و مشبهە نازانن زۆر بەداخەوە ! ئەلێن خوای تجسیم کردوە خوای کردوە بە

ئیسنان چونکە إبن تیمیە دەلێت خوا دێت خوارەوە ئەوان دەلێن نابێ وابلێ ! باوەریان بەمە نیە لێیان بپرسە ئەلێن هاتنە خوارەوە نیە بەلکو رەحمەتی خوا دێتە خوارەوە نەك خۆیی .!! ئێ حەدیسەکە بۆخۆیی وادەلێ (ینزل ربنا)[1] خوادێتە خوارەوە ، بەس نابێ تۆ بیشوبهێنی بەهاتنە خوارەوەی ئینسانێك لەشوێنێکەوە بۆ شوێنیکیتر لەمەلابە لەخەیالای خۆتدا ،. ئەمە تشبهە و تجسیم کردن نیە کەوا ئەوان ئەم تۆمەتە ئەخەنە پالّ إبن تیمیە.. نازانین چۆن و چۆن نیە هاتنە خوارەوەکە بەس الله تعالی وای وتوە وە پێغەمبەر وای وتووە (صلی الله علیه وسلم) الله جل وعلا دێتە خوارەوە بۆ ئاسمانی یەکەم لەبەشی ئاخیری شەودا دەفەرموویێت : کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکا تاوەکو لێخۆشبم ، کێ داوای شتێکم لێ دەکا تاوەکو بیدەمی ، وەکێ دوعا ئەکا تا گیرای بکەم و لێ وەربگرم .

ئالەوکاتەدا تۆ کە خەریکی مەشغول بوونی عیبادەتی الله تبارك وتعالی تۆ گەورەترین پاداشت وەردەگریی ،

الله تعالی دەفەرمووی : (تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ)[2] باسی بەندە صالحەکانی خۆیی دەکا و دەفەرموویێ ئەوانە ناخەون (جُنُوبُهُم)یانی تەنیشتەکانیان لەجێگەی خەو بەرز دەبێتەوە نالکێی بەجێگەی خەودا و بەرز دەبنەوە نوێژ دەکەن و قورئان دەخوێنن شەویان بەعیبادەت ئەبەن سەر (يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا)لە خوای خۆیان داوا دەکەن وە عیبادەتی بۆ دەکەن بەترسەوە وە لێی ئەترسن وە تەماعیشیان هەیە بە بەهەشت ورەحمەتەکەی وە بەبینینیەکەی داوای بینینی الله تعالی و بەهەشتەکەی دەکەن وە پەناش ئەگرن لە الله تعالی لە سزا و عەزابەکەی ئەپارێنەوە هەتاوەکو بەرە بەیان هەتا کاتی نوێژی بەیانی (وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ)هەرچیەکیش لەوەی کە ئێمە پێمان دابوون لەتوانایاندا هەبێ ئەبەخشن وە دەست ناگرنەوە ، جا بزانە الله تعالی چی بۆ داناون (فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)[3] هیچ کەسێك نازانی ئەمانە الله

[1] : الكتب » كتاب الاستذكار» كتاب القرآن» باب ما جاء في الدعاء» حديث أبي هريرة ينزل ربنا تبارك وتعالى كل ليلة إلى السماء الدنيا
[2] :سورة السجدة اية : ١٦
[3] : سورة السجدة اية : ١٧

تعالی چ شتێکی بۆ داناون لەوەی چاو پێی خۆشە ببینێ ، یەك جائیزەی وای بۆ داناون پاداشتی وای بۆ داناون هیچ نەفسێك نایەت بەدلیدا یەچاویش نەیبینیوە (جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)لەپاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کەوا ئەنجامی داوە ، رەنگە لەشەوانی هاویندا زۆربەمان نەخەوین چونکە شەوەکەی کورتە بەلام لەشەوانی زستان کە شەوەکەی درێژە ١٢ سەعاتت شەوە ئالەو کاتەدا بەشێکی باشی بۆ الله تعالی دابنێ بەئیمانەکەت پێداچوونەوە بکە بزانە ئەبیت بەچ ئینسانێك .

هەر الله تعالی لەقورئانەکەیدا دەفەرموویێ : (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ)[٤] ئەوانەی تەقواکارن و لە الله ئەترسن وە بەقسەی ئەکەن الله تعالی ئەیانخاتە ناو بەهەشتەکانی ناو کانیاوی بەهەشتەکانیەوە ئەیانداتێ (آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ)[٥]ئەو پاداشتەی کە الله تعالی بەوانی بەخشیوە ئەوان وەریی ئەگرن پێیان خۆشە و لە الله تعالی رازین (إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ) پێش ئەوە لەدونیادا محسین و چاکەکاربوون ، چیان دەکرد ؟!(كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ)[٦] لەشەودا زۆر بەکەمی دەخەوتن (وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)[٧] لەپێش بانگی بەیانی بەپێش سەعاتێك داوای لێخۆشبوونیان لە الله تعالی دەکرد .

هەروەها مەتحیان دەکا ئەوانەی کەوا شەو نوێژ دەکەن الله تعالی دەفەرموویێ : (وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا (٦٣) وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا (٦٤))[٨] لەپێشدا دەفەرموویێ (وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ)بەندەکانی رەحمان وەسفت دەکا بەبەندەی خۆیی کە یەك لەناوەکانی رەحمانە زۆر گەورەیە بلێ بەندەی ئەو خوایە بەبەزەییە و میهرەبانە تۆ بەندەی خوای بەبەزەیی و میهرەبانەی هەر لەخۆوە دلت خۆش دەبێ بە رەحمەت وبەزەییەکەی الله تعالی کێن ئەوانە ئەی الله تعالی ؟! ئەوانەن کەکاتێك لەسەر زەویی دەرۆن ئەگەر جاهیلەکان قسەی خراپیان لەگەلدا بکەن بەسەلامەتی لە گوناه و لێدانیاندەر ئەچن بۆ ئەوەی خۆیان

[٤]:سورة الحجر اية : ١٥
[٥]:سورة الذاريات اية: ١٦
[٦]: سورة الذاريات اية: ١٧
[٧]: سورة الذاريات اية: ١٨
[٨]:سورة الفرقان

بپارێزن لەدەستی ئەو موجریمانە ، پاشانیش ئەگەر بێتوو شەوهات بە سوجدە و ركوع دەیبەنە سەر و شەو نوێژدەكەن .

هەر الله تعالى لەقورئانە پیرۆزەكەیدا دەفەرمووێ : (أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا)[٩] ئایا كافرێك لەولا دابنێ كە ئاگایی لە عیبادەتی الله تعالى نیە كەسێكیش دابنێ كە خاوەن ئیمان و باوەرە لەبەشەكانی شەودا تاعەتی الله تعالى دەكا بە پێوە و لەسجوودەدا دەبێ نوێژ دەكا (يَحْذَرُ الْآخِرَةَ)لەترسی ئاخیرەت خۆیی دەپارێزێ داوا لە الله تعالى دەكا كە بیپارێزیی (وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ)رجایی رەحمەتی الله تعالى هەیە وە ئەگریی و ئەپارێتەوە (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ)ئەی محمد تۆ بلێ ئەمەی كە ئەم عیبادەتانە دەكا و شەو نوێژ بۆ الله تعالى دەكا وەك ئەو كەسە وایە كەوا تێری خواردوە و بێ ئاگایە لە ئیمان و نوێژ و عیبادەت و خوا پەرستی و داوای لێخۆشبوون و خوێندنەوەی قورئاندا نیە !؟كافر غەدارە ئەم دووانە وەك یەك وان لەلای الله تعالى ؟! (إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ)بەلاَم بەراستی كەسێك پەند لەمە وەردەگرێ كەخاوەنی عەقل بێ نەخێر وەكو یەك وانین .

جا هەموو جارێك من لەخوێندنی ئەم ئایەتەدا ئیشارەت بەشتێك ئەدەم وە ئەمەوێت هەموو جارێك ئیشارەتی پێ بدەمەوە ، ئەم ئایەتە زۆر جار بەهەلە بەكار دەهێنرێ بەتایبەتی ئەم فەقرەیی كە باسی عیلم دەكا لەكتێبەكاندا كاتی خۆیی زەمانی زوو لەبیدایەت دا ئێستا نا ئێستا ئەم شتانەش نەماوە ئەچوون ئەم ئایەتەیان لەسەرەتای كتێبەكاندا ئەنووسی (هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ)یعلمون و لایعلمون یەیان ئەكرد بەهی مەكتەب جەبر و هەندەسە و كیمیا و فیزیا! ئەوە باسی ئەمە ناكا (یعلمون الاخرة والذین لایعلمون الاخرة) ئەمە باسی ئەمە ئەكا وە باشی شەو نوێژ دەكا باسی عیبادەت و گریان و پارانەوە دەكا ئەوەی ئەمە دەزانی و لەخۆشەویستی الله تعالى ئەمە قەرار ئەدا و ئەنجامی ئەدا لەشەودا وەكو ئەوە وایە كەوا ئەنجامی نەدا ئەصلن ئەم مانایەیان فرێداوە لەكتێبەكانیدا هەر بۆخەلكی باس ناكەن ! یانی كەسێكی بەتەقوا و

---

[٩] :سورة الزمر اية ٩:

بەئیمان فرێدراوە بەس کەسێك ئەگەر موهندیس و دکتۆر بێ باکافریش بێ لای خەلك زۆر مقبولە هەتاوەکو لەلای خەطیبەکان وەسفی دەکەن ئەلێن ئەها چ عالمێکی گەورەیە نابینی ئێستا وەسفی ئەوروپا چۆن دەکەن با ئەوروپا هەمووی زێر بێ با هەر هەموویان خاوەنی گەورەترین مەملەکەت بن کە ئاخیرەتیان بروا چ سودی هەیە ،!! باتۆش هەموو ژیانت ناخۆشی بێ کەتۆ بەیانی چویتە بەهەشت و الله تعالی ت بینی و بەدیداری شاد بووی هەتا هەتایی لەم نیعمەتەدا بووی با لەدونیادا لەناخۆشی بیت ، من نالێم دونیات ناخۆشیی بێ بەس کێ ئەم ناخۆشیەی بەسەر ئێمەدا هێناوە بەواستەی کارەکانی خۆمانەوەیە وامان لێ دێی دونیا و ئاخیرەتمان ئەروا پەنا ئەگرین بە الله تعالی .

ئەبی دەرداء (رەزا و رەحمەتی الله تعالی لێ بێت) ئەفەرموویێ : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : (عن أبي الدرداء قال: قال رسول الله : « ثلاثة يحبهم الله ويضحك إليهم ويستبشر بهم الذي إذا انكشفت فئة قاتل وراءها بنفسه لله عز وجل ، فإما أن يقتل وإما أن ينصره الله ، ويكفيه ، فيقول : انظروا إلى عبدي هذا كيف صبر لي بنفسه ، والذي له امرأة حسنة ، وفراش لين حسن فيقوم من الليل ، فيقول : يذر شهوته فيذكرني ولو شاء رقد ، والذي إذا كان في سفر ، وكان معه ركب فسهروا ثم هجعوا ، فقام من السحر في سراء وضراء)[١٠]

سێ کەس هەن الله تعالی ئەم سێ کەسەی خۆش دەوێی وە الله تبارك وتعالی لەروویاندا پێ دەکەنێ ، ئەمەش یەکێکە لەسیفەتەکانی الله تعالی کە پێ دەکەنی و پێکەنینە ،پێکەنین بروامان پێ هەیە کە الله تعالی پێ دەکەنێ بەس وەك ئێمە ئاگاداربن کە باسی سیفاتی الله تعالی دەکەین کەیفیەت و چۆنیەتی لەخەیالی خۆت بخەرە دەرەوە وە ئەم سیفەتەش تەئویل مەکە فرێی مەدە و مەلێ وانیە چونکە ئەهلی بیدع بەزۆری وا ئەلێن ئەلێن ئەگەر خوا پێ بکەنێ ئەوا یانی لێو و ددان وەك بەشەرە وایە ئەمەش خوا دوورە لەم شتانە ئەبێ خواپاك بکەینەوە لەم شتانە ! ئەم قسەیە هەلەیە بلێ بڕوام هەیە کە الله تعالی پێ دەکەنێ بەس نازانین چۆن تەواو ئیمانەکەت سەلامەت بوو ، ئەفەرموویێ : الله

---

[١٠] : رواه الحاكم في "المستدرك" (٦٨) والبيهقي في "الأسماء والصفات" (٩٣١) – وهذا لفظه - .

تعالى پێیان پێ دەکەنێ واتا لەروویان پێ دەکەنێ لەخۆشەویستیان ، چۆن تۆ خۆشەویستێکی خۆت ئەبینی خۆ بەرووی گرژەوە ناچیت بەرووی ! جا لەسەر ئەمە دەچینە سەر حەدیسێکیتر ئینجا دەگەرێنەوە سەر ئەم حەدیسە .

بزانە ئەگەر کەسێك الله تعالى لەروویدا پێ بکەنێ چ مەنزیلەیەکی هەیە لەلای الله تعالى !

لە نعیم ی کوری عمارەوە(رەزا و رەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووی : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (وإذا ضحك ربك إلى عبد في موطن فلا حساب عليه)[11] هەرکەسێك ئەگەر الله تعالى لەروویدا پێ بکەنێ ئەو کەسە حیسابی لەسەر نیە لەرۆژی قیامەت رزگاری ئەبێ .

(ويستبشر بهم)الله تعالى باسی ئەم سێ کەسە دەکا و دەفەرمووی : (الذي إذا انكشفت فئة قاتل وراءها بنفسه لله عز وجل)کاتێك کە دەچێتە ناو غەزا وە دەچێتە شەر دژی کافرانەوە لەپێناوی الله تعالى دا ئەجەنگی بەنەفسی خۆیی جا یان ئەکوژری یاخود الله تعالى سەری دەخا ،وە پێ دەلێ سەیری بەندەکەم بکەن چۆن صەبری گرت خۆی دا بەکوشت لەبەر من ، ئەمە یەکەمیان ، دووەم کەسیان (والذي له امرأة حسنة ، وفراش لين حسن)ژنێکی جوان و رێك و پێکی هەیە وە ئەم پیاوە لەجیاتی ئەوەی کەوا خەریکی ئارەزووی خۆیی بێت بەشەو (فيقوم من الليل)هەلدەسیتێ لەشەودا واز لەئارەزووەکەی خۆیی ئەهێنێ یادی الله تعالى دەکا ، الله تعالى دەفەرمووی :واز لە ئارەزووەکەی خۆیی دەهێنی لەبەر من وە ئەگەر بیویستایە بۆخۆیی ئەخەوت رائەکشا بۆخۆیی لەگەل خیزانی خۆیدا ئەبوو بەس لەبەر من واز دەهێنێ و دەروا ، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئینسان ئارەزووی خۆیی جێ بەجێ نەکا بەلاّم نابێ هەموو کاتەکانت بەمە بەسەر بەریت ،سێ یەم کەس (والذي إذا كان في سفر)ئەو کەسەشی لەسەفەرێکدا بوو بزانە ئەمە هەرسێکی ناخۆشیە نەفس لەسەر ئەم سێ شتە خۆیی بۆ ناگیرێی کێ خۆی ئەدا بەکوشت ! کێ لەوکاتەدا هەلدەستێتەوە کە خێزانێکی باش و رێك و پێك و مالێکی خۆشی هەبێ ! سەفەر خۆیی قەطعەیەکە لەعەزاب ، هەر وەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

[11] : قال المنذري: رواه الطبراني بإسناد حسن، انظر: ((الترغيب والترهيب)) (٣١٩/٢) .

دەفەرمووی : (عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال السفر قطعة من العذاب)[١٢] تۆ لەسەفەردا هەتاوەکو ئەحکامت بۆ ئاسانکراوە لەنوێژ و رۆژوو هەتاوەکو نوێژەکانت بۆ کورتکراوەتەوە کەچی ئەم کەسە هەلدەستێ لەشەودا شەو نوێژ دەکا ،پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) عادەتی وا بوو لەسەفەر و لەغەیری سەفەردا هیچ کاتێك شەو نوێژی واز لێ نەدەهێنا .

(وكان معه ركب)برادەرەکانی (فسهروا ثم هجعوا)ئەمانە خەوتن بەلاّم ئەم (فقام من السحر في سراء وضراء)لەکاتی بەشی ئەخیری شەودا هەلدەستێ لەم سەفەرە دەست دەکا بەعیبادەتی الله تعالى ئەگەر چی خۆش بێ یاخود ناخۆشبێ حالی خۆش بێ یاخود ناخۆشبێ .

ئەم کەسەی کەوا شەو نوێژ دەکا دەچێتە ریزی ئەو کەسانەی کەوا الله تعالى خۆشی دەوێی وە بەروویدا پێ دەکەنێ وە خۆشەویستی الله تعالى بۆ دلەکەی رادەکێشی ئەم شەو نوێژە دەبێتە هۆکار بۆ ئەم راکێشانە .

عبدالله کوری عومەر (رەزای الله تعالى لێ بێت)ئەفەرمووێی : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : (نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللَّهِ لَوْ كَانَ يُصَلِّى مِنَ اللَّيْلِ)[١٣] باشترین پیاو عبدالله کوری عومەر ، عبدالله کان لەزەمانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چوار عبدالله مندال هەبوون تەمەنیان مندال بوو پێیان ئەوترێی (العبادلة الاربعة)چوار عبدالله بچوکەکە ، عبدالله کوری عومەر ، عبدالله کوری عەباس ، عبدالله کوری زوبێر، عبدالله کوری عەمری کوری عاص،ئەمانە هەموویان تەمەنیان مندال بوون ، عبدالله کوری مسعود ئەمیان گەورە بوو بەس ئەمانە بچوك بوون وایان پێ دەوترێی.(رەزا و رەحمەت و بەرەکەتی الله تعالى یان لێ بێت).

---

[١٢] الكتب » صحيح البخاري» كتاب العمرة» باب السفر قطعة من العذاب،،، رقم الحديث: ١٧١٠
[١٣] :البخاري ١١٢١، ٣٧٣٨، مسلم ٢٤٧٩.

یەك لەمانە كە عبداللە كوری عومەرە (ڕەزای اللە تعالى لێ بێت)صەحابی كوری صەحابی وە خوشكەكەشی خێزانی پێغەمبەرە (صلى اللە علیه وسلم) كە ناوی حفصەیە (ڕەزا و ڕەحمەتی اللە تعالى لێ بێت) ئەلێ ؛پێغەمبەری خوا (صلى اللە علیه وسلم) دەفەرموویی : (نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللَّهِ لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ)باشترین پیاو عبداللە ئەگەرهەلسێ شەو نوێژ بكا ، بەس بزانین مناسەبەی ئەم حەدیسە چیە ؟!

زۆركەس ئەم حەدیسە ئەخوێنێتەوە بەلاّم مناسەبەكەی تێناگا ، مناسەبەكەی لەحەدیسێكیتردا هاتووە عبداللە كوری عومەر خۆیی بۆمان دەگێرێتەوە و دەفەرمووی : (عن ابن عمر رضي الله عنهما قال كان الرجل في حياة النبي صلى الله عليه وسلم إذا رأى رؤيا قصها على النبي صلى الله عليه وسلم)ئەلێ هەركەسێك لەزەمانی پێغەمبەردا (صلى اللە علیه وسلم) خەوێكی بینیبایە ئەی گێرایەوە بۆ پێغەمبەر وە عادەتی پێغەمبەری خوا (صلى اللە علیه وسلم) وابوو بەیانیان دائەنیشت لەدوای نوێژی بەیانی دوای ئەوەی زیكرەكانی تەواو دەكرد دەیفەرموو : دەی كێتان خەوتان بینیوە بۆم بگێرنەوە ئەوانیش ئەچوون بۆیان ئەگێرایەوە ئەویش بۆی لێك ئەدانەوە ،تەبعەن عیلمی خەو لێكدانەوە و تەعبیر یەكێكە لەعیلمە گەورەكان لە دینی ئیسلامدا هەتاوەكو سورەتی یوسف خۆی هەمووی باسی خەوێكە خەو حەقە ئاگاداریش بن خەویش هەیە لەشەیطانەوەیە ئاگاداربن ئەم عیلمە عیلمێكی زۆر گەورەیە هەموو كەسێك نابێ دەستی بداتێ تەعبیری خەو قەواعیدی خۆیی هەیە نابێ بچیت بۆلای جادوو گەران بلێ خەوەكەم چیە ،

كە بۆیان دەگێرایەوە تەبعەن ئەمیش پێغەمبەری خوایە (صلى اللە علیه وسلم) قسەكانی هەمووی ڕاستن و وەحییە هەروەكو اللە تعالى دەفەرموویی : (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ (٣) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ (٤))[١٤] حەزی دەكرد بزانی ئەم خەوە تەعبیرەكەی چیە (فتمنيت أن أرى رؤيا)ئەلێ منیش بەم مندالیەی خۆم حەزم دەكرد خەوێك ببینم بچم خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى اللە علیه وسلم) تاوەكو بلێم ئەو خەوەم بینیوە و بۆم لێكبدەرەوە (أقصها على النبي صلى الله عليه وسلم وكنت غلاما شابا أعزب)ئەو كاتە مندالێك بووم

[١٤] :سورة النجم

(وكنت أنام في المسجد)لەمزگەوتدا ئەخەوتم ئەمەش دەلیلە لەسەر ئەوەی دەڵێن جائیزە لەمزگەوت بخەوێی بەڵێ جائیزە ، ئەوەتا حەدیسمان هەیە و صەحابە ئەم کارەیان کردوە ،(وكنت أنام في المسجد على عهد النبي صلى الله عليه وسلم فرأيت في المنام)ئینجا خەوی بینیوە لەمزگەوت خەوتوە و خەوێکی بینی بەڵام لەخەوەکەیدا چی بینیوە ؟! (فرأيت في المنام كأن ملكين أخذاني فذهبا بي إلى النار)لەخەومدا دوو مەلائیکە منیان برد و بردمیان بۆ ئاگر (فإذا هي مطوية كطي البئر)ئاگرەکە وەکو بیر چۆن سەرەکەی هەڵدەچێ بەرز ئەکرێتەوە ئەوها بەم شێوەیە (وإذا لها قرنان كقرني البئر)لەدوولاوە بەرزکراوە (وإذا فيها ناس قد عرفتهم) کەسانێکی تێدا بوو لەناو ئەم ئاگرەدا ئەمناسین ئەوانە کێن کە لەناو ئاگرەکەدا بوو (فجعلت أقول أعوذ بالله من النار أعوذ بالله من النار)منیش لەخەوەکەمدا یەکسەر ئەم وت خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لەم ئاگرە (فلقيهما ملك آخر)لەخەوەکدا مەلائیکەتێکیتر هات (فقال لي لن تراع)بەمنی وت تۆ ترست لەسەر نیە (فقصصتها على حفصة)کەلەخەوەکە خەبەرم بوویەوە چووم بۆلای خوشکم حەفصە بۆم گێرایەوە ئەویش لەبەر ئەوەی خێزانی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) (فقصتها حفصة على النبي صلى الله عليه وسلم)ئەویش رێك چوو بۆ پێغەمبەری گێرایەوە (صلى الله عليه وسلم)وتی :عبداللە ئەم خەوەی بینیوە ئینجا فەرمووی : (فقال نعم الرجل عبد الله لو كان يصلي بالليل)باشترین پیاو عبداللە بەس بەمەرجێك شەو نوێژ بکا و شەونوێژ بکاتن ، ئیشارەتی بە شەو نوێژدا (فكان عبد الله لا ينام من الليل إلا قليلا)[15]عبداللە کوری عومەر شەو نەئەخەوت إلا کەمێك نەبێ ئا لەوکاتەدا هەتاوەکو مردن خەریکی شەو نوێژ کردن بوو شەو بەکەمی ئەخەوت ، تەبعەن ئەمە عبداللە کوری عومەر بوو .

عبداللە عەمری کوری عاص (رەزا و رەحمەتی الله تعالى لێ بێت)ئەمیان زۆر عجائیب بوو شەو هەر نەئەخەوت هەروا بوو شەو نوێژی ئەکرد بەرۆژیش بەرۆژوو ئەبوو لەشە و رۆژەکەشدا چی قورئان نازل بووبایە هەمووی دەخوێندەوە تاوەکو ئەوێی کەدابەزیوە ! باوکی ژنی بۆ هێنا هەر حالی وابوو باوکەکەی لێ پرسی وتی لەبوکەکەی وتی کچم

[15] : الكتب » صحيح البخاري » كتاب فضائل الصحابة» باب مناقب عبد الله بن عمر بن الخطاب رضي الله عنهما،، رقم الحديث : ٣٥٣٠

وەزعت چۆنە لەگەل عبدالله کورمدا ، واتا عەمری کوری عاص بەبووکەکەی خۆیی ئەلێ ، ئەلێ بوکەکەی لەوکاتەی منی هێناوە نەدێتە سەر جێگا هەر ئاگای لەمن نیە ئەویش دەچێ بۆلای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) شکاتی لێ دەکا ، پێ دەلێ شتێکی وا دەکا ، پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بانگی کرد وتی عبدالله وامەکە لەمانگێکدا قورئان خەتم بکە لەریوایەتێکدا دەلێ لەچل رۆژددا دواتر دەلێ لەمانگێکدا دواتر دەلێ لەوە کەمتر ئەتوانم لەهەموو رۆژیکدا خەتم ئەکەم وتی نا لەوە مەکە تاوەکو وتی لەسێ رۆژ کەمتر خەتم مەکە بەسێ رۆژ خەتم بکە ، دواتر وتی شەویش بخەوە وشەو نوێژیش بکە بەرۆژیش بەرۆژوو بە وە بەرۆژووش مەبە بیشکێنە ئەوها بەم شێوازە واتا بەبەردەوام وامەکە .

ئێوە سەیری سەلەفی ئومەت بکەن لەچی دا مونافەسەیان ئەکرد !؟ لەعیباداتدا ، ئەمرۆ بەداخەوە لەغەیری عیبادات منافەسە دەکەن ، ئینجا ئەمە فەزلی شەو نوێژە کە گێرامانەوە.

لەسەهلی کوری سەعدەوە (رەزای الله تعالی لێ بێت) دەفەرمووێ : پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)فەرموویەتی : (جاء جبريل - عليه السلام - إلى رسول الله - صلى الله عليه وسلم -)ئەلێ جوبریل هات بۆ لام ، تەبعەن جوبریل کە دێت بۆلای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)لەسەر شێوەی پیاوێك دەهات بۆلای پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)(فقال: يا محمد، عش ما شئت فإنك ميت)ئەی محمد چەنێك ئەژی بژی بەس والله هەرئەبێت بمریت مردن بۆ هەموو کەسێکە إلا خوا نەبێت حی لایموت بەس الله تعالی نامرێت جا چەنێك ئەچی بژی بزانە کۆتاییەکەت مردنە (وأحبب من شئت فإنك مفارقه)کێشت خۆش ویست خۆشت بوێی بەس والله هەر ئەبێت بەجێ بهێلی ، تەبعەن پێغەمبەر لێیان پرسی لە ژیانی خۆیدا (صلی الله علیه وسلم) کێت خۆش دەوێی ؟ صەحابەیەك لێ پرسی بۆئەوەی مەنزیلەی خۆیی بزانی لای پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، تەبعەن پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) خوایان لەهەموو کەسێك و شتێك زیاتر خۆش ویستووە وە هیچ بەس لەئینساندا داوایان لێ کرد پێغەمبەری

خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویی : عائیشە ، لەهەموو کەسێك زیاتر لەخێزانەکانی عائیشە لەهەمووان زیاتر خۆشتر دەویست ئەمیش خۆشەویستی دل کە ناگیرێ ، پاشان وتیان کێتر وتی :ئەبو بکر .

ئێمە بۆیان باسی ئەوەمان کرد جوبرایل (علیه السلام) دەفەرموویێ :کێت خۆش دەوێ خۆشت بوێ بەڵام هەر بەجێدەهێلی (واعمل ما شئت فإنك مجزي به)چی ئەکەی بیکە لە چاکە و خراپە ئەوە چاکەکان ئەوەش خراپەکان چی دەکەی بیکە !بەڵام ئاگادار بە پاداشت و سزای لەسەرە .

لێرەدا ئیشارەت بە بابەتێکی زۆر گرینگ و حەساس ئەدەین ، بەداخەوە زۆرێك لەوانەی کەوا داعین بۆ ئیسلام بەحیسابی خۆیان ئایەتەکان زۆر بەهەلە بۆ خەلکی تەفسیر دەکەن بۆنمونە ئەم ئایەتەی کە الله تعالى دەفەرمووی : (فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)[١٦] ئەلێ ئازادییە بەکەیفی خۆت ئەوەتا الله تعالى حوریەتی داناوە ! الله تعالى حوریەتی دانەناوە بەلکو ئەترسێنی ئەلێ چی ئەکەی بیکە دواتر دێتەوە بەردەمی من ئەوە حورییەتە !؟ پرسیارێك لەخۆتان بکەن ئەمە حوریەتە !؟ تۆ بەندەی یان حوریی !دواتر الله تعالى لەدوای ئایەتەکە راستەوخۆ باسی عەزابەکە دەکاتن دەفەرموێ : ئاگرێکم بە ئەلقاو ئەلق بەدەوریاندا داناوە هاواری ئاو دەکەن ئاو نیە بەئاگر لەدەمو چاویاندا ئەدرێ ! ئاخر ئەمە کەی حورییەتە . ولله مثل الاعلى وەکو ئەوە وایە مندالەکەت دەلێ بابە دەچم بۆ فلان شوێن باوکەکەش دەلێ مەچۆ کورەکەم ، مندالەکەش هەر دەلێ دەچم ، باوکەکەش دەلێ ئەچی دەبچۆ کەیفی خۆتە بەس بزانە چیت لێ دەکەم گەر بچیت !ئەمە حورییەت بوو باوکەکە دایی بەکورەکەی !؟ ئەمە هەرەشەیە .

جا لێرەدا جوبرایل پێ دەلێ : (واعمل ما شئت فإنك مجزي به)چی ئەکەی بیکە بەلام ئاگاداری پاداشت و سزا بە چاکە بکەی پاداشتە خراپە بکەی سزایە ! .

(واعلم أن شرف المؤمن قيامه بالليل)ئەمەیە باسەکەمان لە حەدیسەکەدا فەرمووی : بزانە شەرەفی ئیماندار گەورەیی و رێزی ئیماندار لەلای الله تعالى شەو نوێژەکەیەتی ، ئالەوێدا

[١٦] :سورة الكهف اية : ٢٩

شەرەفی تۆ دەر دەکەوێی لەلای الله تعالی دا (وعزه استغناؤه عن الناس)[١٧] وەعیزەتی ئەوکەسەش ئەوەیە کەوا دەست لەکەس پان نەکاتەوە عەزیزیەتی تۆ و گەورەیی تۆ ئەوەیە کەوا دەست لەخەلك پان نەکەیتەوە ، سەیرتان کردوە ئەوەی وا دەکا چی بەسەر دێی زەلیل دەبێ .

بێنە سەر کەلیمەی شەرەف ، ئەلێ لە لوغەتدا یانی بەرزایی ، (الشرف فی اللغة هو العلو ، ویقال: إذا الشرف أی ذا العلاء والرفعة)شەرەفی هەموو شتێك بەرزایەکەیەتیەتی (لما وقف في الليلة وقت صفاءي زكري متذليلا متخشعا بين يدي مولاه لا إذا بعز جنابه وحماية شرفه بخدمة ورفع قدره عند الملائكة)کەشەو هەلدەستێ و خۆیی زەلیل دەکا بۆ الله تبارك وتعالی ئالەو کاتەدا کە خۆیی زەلیل دەکا و لەالله تعالی ئەترسێ پەنا ئەگرێی بەعیزی الله تبارك وتعالی الله تعالی ئەیپارێزی و شەرەف و عیز و کەرامەتی ئەداتێ وەلەلای مەلائیکەتەکانی باسی دەکا وە قەدری را ئەگرێی الله تعالی وە الله تعالی ئەیکات بە تایبەت مەندترین بەندەکانی خۆیی ، ئەمە هەر لەباسی شەو نوێژ کە خۆشەویستی الله تعالی ت ئەداتێ و ئەتگەیەنێ بەم دەرەجەیە وە الله تعالی ش تۆیی خۆش دەوێی .

لەبیلالەوە (رەزای الله تعالی لێ بێت)پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : (إنه دأب الصالحين قبلكم، وقربة إلى الله تعالى، ومنهاة عن الإثم، وتكفير للسيئات)[١٨] شەو نوێژ بکەن ئەمە عادەت و شەئنی پیاو چاکانی پێش ئێوەش بووە ، چونکە شەو نوێژ هەر بووە لەئومەتەکانی پێشوش دا ، وە ئەمە لە خواتان نزیك ئەکاتەوە وە واتان لێ ئەکات گوناهە نەکەن وە گوناهەکانیشتان ئەسرێتەوە .

ئەبو هورەیرە (رەزای الله تعالی لێ بێت)دەفەرمووێی : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : (ينزل رَبُّنَا تبَارَكَ وَتعَالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا)الله تعالی هەموو شەوێك دێتە ئاسمانی یەکەم (حِينَ يَبْقَى ثلُثُ اللَّيْلِ الآخِرُ)کە بەشی سێ یەکی ئاخیری شەو دەمێنی لەوکاتەدا دێتە خواری (يَقُولُ : مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ)دەفەرمووێی : کێ

---

[١٧] : مستدرك الحاكم (٥/ ٤٦٣) برقم (٧٩٩١)
[١٨] : وقد صححه الألباني في صحيح الجامع، وضعف ما بين القوسين في ضعيف الجامع.

دوعا دەکا تاوەکو وەلامی بدەمەوە و قبولی بکەم (مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ) کێ داوای شتێکم لێ دەکا تاوەکو بیدەمێ(مَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ")[١٩] کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکا تاوەکو لێ خۆشبم .

زۆربەی خەلکی لەم کاتەدا بێ ئاگایە دوای بزانە خۆشەویستانم . ئەلێ : (أبعد هذا ترغيب وتشويخ نتكاسل)لەدوای ئەو هەموو ئایەت و حەدیسانەی کە باسمان کرد کە زۆریتر ماوە دەبارەی شەو نوێژ بەس ئەوەندە بەسە ئەلێ لەدوای ئەمە ئیتر ئێمە تەمبەلی بکەین لە شەونوێژ دەبێ !! (اعلم أن قيام الليل صعب إلا من وفق للقيام بشروطه الميسرة له)لێرەدا بابەتێکی گرینگ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە قورسە یان قورس نیە ؟! والله قورسە شەونوێژ زۆر قورسە کە تۆ لەخەودا و لەناو جێگادا هەلسیتەوە سەعاتێك لەگەل الله تعالی دا خەریکی نوێژ و تاعەت و قورئان خوێندن و دوعا و پارانە و تەوبە و گەرانەوە بی بەتەنها لەگەل الله تعالی دا بەلی قورسە ، بەلاّم الله تعالی لەسەر کەسێك ئاسانی دەکا زانایان باسی ئاسنکارییەکانیان کردوە ، چونکە تۆ پرسیارت بۆ دروست دەبێ ئەلێ من چی بکەم تاوەکو ئەمەم لەسەر ئاسان بێ و ئەم قورسایەتیەم لەسەر نەمێنی رێنمای ئەم خالانە بکە :

ئاسانکارییەکان:

١-(فمن الاسباب ظاهرا وباطل) لەهۆکارەکان هەیە لەبەر چاوە وە هەشە دیار نیە .

بەر چاوەکان باس دەکەین (ظاهرا):

أ-(أن لا يكثر أكل)شەو زۆر خۆری مەکە ، دائیمەن ئەوەی زۆر خۆر بێ لەشەودا کێشەی هەیە و موشکیلەیە چونکە خەبەری نابێتەوە ، ناتوانێ و لەشی گران دەبێ تووشی ئێش و ئازار دەبێ لەش سوك نابێ ، بەلاّم بەداخەوە ئەمرۆ سەیر دەکەی خواردن گرینگیەکی زۆری پێدراوە بەم شێوەیەش وادەکا لەشەکانمان گران و قورس بێ و هەلنەستین بۆ شەو نوێژ.

[١٩] : أخرجه البخاري في صحيحه (١١٤٥) ومسلم (١٢٦١)

ب-(ان لا يتبع نفسه باانهاري بأعمال شاقة)لەرۆژ خۆت ماندوو مەكە بەئیشی قورسەوە هەر ئیش لەبەیانیەوە هەتاوەكو ئێوارە هەر ئیش ، ئەوكاتە كە وات كرد ئەچیتە مالەوە ئەبێ بخەویت هەلنەستی هەتاوەكو ئێوارە نوێژەكەی بەیانیشت ئەروا ، لەلای خەلك كار و ئیشەكە گرینگە وەزیفە و كارەكەی نابێ بروا بەس نوێژ و تاعەت و عیبادەت ئەروا كەیفی خۆیەتی هەمووی ئەكا بەقوربانی ئەو .

ج-(أن لا يتكر قيلولة بالنهار)نێوەرۆ پێشی یان پاشی خەوێكی كەم بەجێنەهێلێ واتا نیوەرۆ خەوێك بكا ئەمەش سونەتی پێغەمبەر بووە (صلى الله عليه وسلم)ئێستا باسی خەوەكان ئەكەین :

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)عادەتی وابووە بەیانیان لەدوای نوێژی بەیانیان نەخەو تۆتەوە هەتاوەكو گەیشتۆتە كاتی پێش نیوەرۆ ئینجا سەعاتە خەوێكی كردوە ئەمە پێ وتراوە قەیلولە ئەمە بەعەرەبی وای پێ دەلێن زۆر گرینگە ئەمە ئیسراحەتت ئەداتێ . دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)دوای عصران نەخەوتۆتەوە لەدوای عیشا زوو خەوتوە نیوە شەو هەلساوەتەوە ئەمە ژیانەكەی بووە .

ئێمە واناكەین بۆیە شەو نوێژمان لا گرانە .

د-(أن يجتنب الأوزار)ئەمە زۆر گرینگە گوناه واز لێ بێنە بەهۆی گوناهەوە الله تعالى بێ بەشت دەكا بۆ ئەوەی لێ نزیك بیتەوە ،ئێستا ئێوە سەیری خۆتان بكەن كەسێك هەلەیەكت بەرامبەر بكا حەز دەكەی لێت نزیك بێتەوە !؟حاشا لەرووتان كەسێك ئەگەر جوێنێكت پێ بدا یان حەقێكت بفەوتێنی یاخود بەقسەت نەكا یان شتێك لەوبابەتانە كە ئەیبنی رووی لی لائەدەی ئەلێ بانەیبینم ولله المثل الأعلى الله تعالى حەزناكا بەندەكەی ببینێ ئاوا بەردەوام بێ لەسەر گوناه ئەلێ بانەیەت بۆ لای من شەو نوێژەكەیشم ناوێی ناتوانی بیكەی ،

نمونەیەکی زۆر ئاسان دەهێنینەوە : یەکێ لەزانایانی پێشوو ناوی ثوری بوو ئەلێت : (حرمت قیام اللیل خمسة أشهر بسبب ذنب أصبته.)[٢٠] گوناهێکم کرد پێنج مانگ شەو نوێژم پێ نەکرا ، ئێمە با لەخۆمان بپرسین لەسالەکەدا چەنێك شەو نوێژ دەکەین !؟ لەنێوان خۆمان و الله دا با قسە بکەین و داوای لێبوردنی لێ بکەین و بلێن خوایە داوای لێبوردن دەکەین کە تۆ وات وت ئینجا الله تعالی تۆیی خۆش دەویێ دیسانەوە یارمەتیت ئەدا بۆ شەو نوێژ و عیبادەت ئیعتراف بە گوناه وە زەلیلی بۆ الله تعالی وە پارانەوە و گریان ، نەك گوناه بکا و ئەرق ئەخوا کەچی ئەلێ من باشم ئەلێ بۆ خراپم کاکە !! کەتۆ بەس کە نوێژ ناکەی وەکو ئیبلیس وایی لەلای الله تعالی ئەوە لەلای الله وایت تۆ خۆت بەباش دەبینی بەس وانیت ، ئەگەر حیسابی لای الله تعالی بکەی وەکو ئیبلیس وایت ، الله تعالی وتی بۆ سوجدەت نەبرد کە پێم وتی ؟! ئەها چەندە پێ ناخۆشە الله تعالی سەجدە نەبەی ! بەس ئەمرۆ وا ئەزانی مەلائیکەتە ئەلێ کاکە حاجی دەست و قۆلی خەلك ئەبرێی خۆمن قۆلی خەلك نابرم ئەو حەجیشی کردوە ئینجا واخراپە من خۆ لەو باشترم !دلی خۆیی بەمە خۆش دەکا ، ئێ کاکە حاجی حەجی کردوە قۆلی خەلك دەبرێی تۆ وەکو ئەو مەکە بەس لەو باشتربە بۆ لەو خراپتر ئەبی کە نوێژ ناکەی خۆ بەلایەنی کەمەوە ئەو نوێژەکە دەکا تاوانێك ئەخاتە ملی خۆیی بەس تاوانی کوفر ناخاتە ملی خۆیی ، تۆ تاوانی کوفرەکە ئەخەیتە ملی خۆت خۆت پێ لەو باشترە !؟ والله ئەوەی نوێژ نەکا کافرە (بین الرجل وبین الکفر والشرك ترك الصلاة)[٢١].

هـ-(أن یبکر فی النوم)دوای عیشا زوو بخەوێی ، ئێوە بەس سەیری شەوەکانی زستان بکەن شەش سەعات دوای عیشا ئەمێنێتەوە دوایش ور دەبێ ، کەسێك بۆی باس کردم دەیوت لەنەخۆشخانەیە دەیوت ئەو هەموو گەنجە ئەهێنن هەمووی وەکو خەلەفاوی لێهاتووە بەدیار فیسبوکەوە ١٦ سەعات دانیشتووە ١٦ سەعات تۆ سەیری شاشەیەك بکەی ئاخر لەکوێی مێشکت ئەمێنی ، ئینجا ئەیوت هەمووی تووشی نەخۆشی نەفسی بوون ، بابەتەکەش هەمووی جنسە ، سەیری کچان و کوران بکە هەردەلی خۆشم دەوێی دەی با

[٢٠] : (حلیة الأولیاء، لأبي نعیم (٧/١٨))
[٢١] : رواه مسلم في الصحیح عن جابر بن عبدالله الأنصاري ⍰ وعن أبیه

بەیەکتری بگەین دایك و باوك ئاگای لێ نیە نیوە شەو تەلەفۆنی بۆ کچە کردوە باوکەکەش ئاگای لەکچەکەی نیە ، ئەم پیاوە چ پیاوێك دەردەچێ ،

مۆبایل و فیسبوك و ئەنترنێت هەمووی بۆ جنسە ، ئی کاکە کچەکانتان زوو بەدەن بەشوو وە کورەکانیشتان زوو ژنیان بۆ بهێنن با ئەم کێشەیەمان نەمێنی لەسەرخێر و لەسەر دین و تەقوا و پیاو چاکی و لەسەر ئەخلاق جوانی ، نەك لەسەر بەرەلایی و پارەکان و شوێنە خراپەکان بلێن ئەمە حوریەت و ئازادییە دوایش تەق تەق بنێن بەسەری کچەکەدا و بلێن ئیسلام هەلەی کرد ، نا ئیسلام هەلەی نەکرد جەنابت هەلەت کرد ڕێنمای ئیسلامت وەرنەگرت ئەم هەموو کوشتن و کوشتارە دروست دەبێ بەواستەی تۆیە کە شوێن شەیطان و خکواطەکانی شەیطان کەوتوە ئەگینا الله تعالی زۆر لەوە گەورەترە الله تعالی بەرنامەیەکت بۆ دابنێ تۆ لەدوای بەرنامەکە نەبێ کەچی بلێ بەهۆی ئەم دینەی خواوە وام لێهاتووە .

لەم بابەتی زوو خەوتنەدا سەیری دایکمان عائیشە بکەین (ڕەزا و ڕەحمەتی الله تعالی لێ بێت)کە ئاگای لە پێغەمبەر بووە (صلی الله علیه وسلم)ئەفەرمووێ: (كان ينام أوله ويقوم آخره فيصلي)[22]ئەخەوت لە سەرەتای شەوەکە نیوە شەو هەلدەستا و دەستی ئەکرد بە شەو نوێژ ، ئەمرۆ ئێمە نا دائەنیشین هەتا ئەگاتە بانگی بەیانی داوی بخەوە و نوێژەکەشت لەدەست دەرئەچێ هەلەیە بەلکو زوو بخەون .

لەحەدیسێکیتردا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێ : (نهی عن سمری بعد العیشاء)نەهی کردوە لەوەی تۆ لەداوای عیشا دابنیشی و وتو وێژ بکەی باسی دونیا بکەی إلا بۆ زەروورەت نەبێ بۆ پێویستی هەتاوەکو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وتاری نەئەدا لەدوای عیشایانەوە إلا بۆ پێویستی نوێژەکەیان ئەکرد و ئەچونەوە بۆ مالەوە ئەخەوتن بۆ ئەوەی بۆ شەو نوێژ خەبەریان ببێتەوە ئیسراحەتێك بکە .

[22] : الكتب » صحيح البخاري» كتاب التهجد» باب من نام أول الليل وأحيا آخره،،،،، رقم الحديث :١٠٩٥

و-(أن ينام علي طهارة ذاكرا لله رب العالمين)رجاتان لێ دەكەم ئەمە زۆرئاسانە بەس شەيطان قورسى دەكا لەسەرمان ! چى تێ دەچى تۆ پێش ئەوەى بخەويى دەست نوێژێك بگريى ، دەست نوێژێك بگرە ئينجا بخەوە ، يادى الله تعالى بكە لەسەر دەست نوێژ و يادى الله تعالى بخەوە زۆر ئاسانە زۆر ، بەس كێ ئەيكا ؟!بەدەگمەن خەلك هەيە بيكا ، ئاگاى لەهيچ نيە و ئەخەوێت و ئاگاى لەهيچ شتێك نيە ، ئەمە واقيعى خەلك بەزۆرى وايە .

٢-هۆكارە داخيلييەكان :

أ-(أن ينوي عند نوم قيام الليل)كە چويتە سەر جێگا بيرت بێ بلێ خوايە بۆ شەو نوێژ خەبەرم بكەيتەوە ، بيرت بێ بۆ ئەمە ، تۆ ئێستا كاتێك سەفەرێكت ئەبێ بەيانى ئەچێت بۆ فلان شوێن ئەلێت مال و مندال ئاگاداربن خەبەرم بكەنەوە ئەگەر خەبەريشم نەبوويەوە خەبەرم بكەنەوە ! يانى هەموو كەسێك تێ ئەگەيەنێ كەوا سەفەرێكى هەيە بۆى بروا ، تۆ سەفەرى شەو و كاروانى بروادارانت هەيە بۆلاى الله تعالى ئەو كاروانە لەم كاروانەى دونيا گەورەترێكە دەى خۆتى بۆ ئامادە بكە بالەنيەتت دا بێ بۆ ئەوەى هەلسى ، خۆ ئەگەر بێتوو خەبەريشت نەبێتەوە الله تعالى بەنيەتەكەى خۆتت بۆ ئەكا ،ئەى ئەگەر نيەتت نەبوو ئەوە بۆت نانوسرێى هەروەكو پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێى : (إنّما الأعمالُ بالنّيَّات)[٢٣] .

ئەبو دەرداء (رەزاى الله تعالى لێ بێت)دەفەرمووێى : پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموويەتى : (من أتى فراشه)هەركەسێك بچێتە سەرجێگاى شەو و بخەوێى (وهو ينوي أن يقوم يصلي من الليل)نيەتى هەبوو كەوا شەو نوێژ بكا (فغلبته عيناه حتى أصبح)بەلاّم چاوى چووە خەو تاوەكو نوێژى بەيانى ، نوێژى بەيانى نەرۆيشت بەس تاوەكو نوێژى بەيانى هەلنەستا ، تەبعەن ئەم شتە لەلاى صەحابە زۆر سەير و عەجيب بووە چۆن تا نوێژى بەيانى خەوتووى !! لەلاى ئەوان نوێژى بەيانى حەتمەن ئەبوايە

[٢٣] : أخرجه البخاري، كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله -صلى الله عليه وسلم-؟ (٦/١)، رقم: (١).

لەمزگەوت بووبایە ، ئەبوایە پێش نوێژی بەیانی هەلبستایە ،،،، ئەلێ ئەگەر وابێ (حتى أصبح كتب له ما نوى)بەلأم الله تعالى ئەوەی بۆ دەنوسێ كە لەنیەتەكەیدا هەیەتی كە چەند خۆی ئامادە كردبێ بۆئەوەی بیكا (وكان نومه صدقة عليه)[٢٤]الله تعالى ئەم خەوەی بۆی ئەكا بەصەدەقە بۆیی بشخەوە ئەوە بۆشم حیساب كردی بە موجەرد نیەتەكەی ، یانی ئێمە ئەو نیەتەشمان نەبێ .

ب-(سلامة القلب للمسلمين وخلوه من البدع وإعراض عن فضول الدنيا)دلت سەلامەت بێ لەبەرامبەر موسلمانان غەیبەتیان مەكە كە سەر ئەخەیتە سەر سەرینەكەت دلت پاك بێ و رقت لەهیچ موسلمانێك نەبێ لەگەل الله تعالى دا بیت و پەیوەندیت بەدونیاوە نەمێنی ، رقت لەهیچ كەسێك نەبێ كە موسلمانە إلا لەبەر الله تعالى نەبێ رقت لێیان بێت ، لەبەر دونیا رقت لەهیچ كەسێك نەبێ ، برۆ خۆت ئاشكەرەوە ،

خۆشەویستانم بابەتی تێكچوونی نێوانی دوو كەس كە لەسەر دونیایە وە لەسەر دینە جیاوازی هەیە !

لەسەر دونیا لەسێ رۆژ زیاتر بۆت نیە لەگەل برای موسلمان و خوشكی موسلمان ئیتر ناسیاو بێ یاخود نەناسیاو بێ تۆ دەنگ دابرێی و پەیوەندیت نەمێنی .

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : بۆهیچ موسلمانێك نیە لەسێ رۆژ زیاتر لەسەر دونیا دەنگ لەیەكتری دابرێی ، ئەبێ إلا برۆن ئاشت ببنەوە ئەگەرنا تاوانبار ئەبن باشترینیان ئەو كەسەیە كە تەوقە لەگەل براكەی دەكا و پێ دەلێ (السلام عليكم)باشترینی ئەم دوانە ئەوەیانە كە یەكەم جار دەچێتەوە لای ، جا با شەیطان عاسیت نەكا لەخوای تعالى ، بلێ چۆن من برۆم ، تۆ برۆ تۆ باشترینەكەیت .

ئەمەش رێنمایە بۆئەوەی لەناو كۆمەلگاكەماندا رق و كین و دووبەرەكایەتی نەمێنی ، بەس ئەمرۆ هەمووی لەسەر دونیایە ، بابزانین كێ لەسەر دین لەگەل كەسێكدا دلی خۆیی عاجز دەكا ! هەزار جوێن بەخوا بدرێی و هەزار ئەحكامی الله تعالى پێشێل بكرێی

[٢٤] :صحيح البخاري : ١٧٨٧

هەزارجار بۆ شەرعی فەرمانەکانی الله تعالی بکرێی گوێی لێی نیە ، موشکیلەی نیە و بەقوربان و بەساقەی دەبۆ دەچی و کەبابیشی لەگەل دەخوا . بەس جوێنێکی پۆ بدە یان پارەیەکی لۆ بخۆ ، پۆ ئەلۆ قەت قەت قسەت لەگەلدا ناکەم ئەگەر دەهەزارەکەشم نەدەیتی ، بەس هەزار جوێن بەخوای گەورە بدرێی پۆ دەلۆ تۆ برای گەورەمی کێشە نیە ، لەسەر دونیا ئاوایە وە لەسەر دینیش ئەمە حالانە !، بەعکسەوەیە لەسەر دین صەحابە فەرموویانە بەزیندوویەتی و مردوویش قسەت لەگەل ناکەین واتا نایمە سەر گۆرەکەشت لەسەر دین وابوون بەس لەسەر دونیا وانەبوون .

جا کەخەوتی با ئەو دلەت پاك بۆ لەسەر ئاستی موسلمانانندا لەسەر دونیا گوێیی مەدەرێی هەر دەبرێتەوە دونیا .

ج-(خوف غالب يلزم قلب مع قصر الأمل) زۆربترسە لە الله تعالی وە هیواشت کەم بۆ ، یانی ئاواتەکانت مەگەینە ٥٠ سال و ٦٠ سال حیسابی ئەوەندە بۆخۆت بکەی بەلکو بلێت رەنگە ئەم شەو و لەم رەحەزەیەدا خەبەرم نەبێتەوە و هەناسم بۆ نەیەتەوە جارێکیتر ، لەوانەیە ئەم شەو هەر لەخەوەکەدا بمرم ، لەوانەیە نەگەمە بەیانی بترسە دائیمەن ئەوە بۆخۆت دابنۆ ئەوکاتە سەیر ئەکەی و ئەترسی و شەو نوێژ ئەکەی ئەلۆ من مادەم مردن لەبەر دەمم دایە با خێرا ئەم عیبادەتە پێش بخەم بۆخۆم .

باتاقی بکەینەوە هەریەك لەئێمە ئەگەر لەلایەنی وەحییەوە ئەگەر پێغەمبەرێك هەبۆ پێمان بلۆ ئێستا تۆ سەعاتێکت ماوە لەدونیا ئیتر ئەمری ، تەبعەن لەلایەنی وەحییەوە هەبووە نمونەیەك ئەهێنینەوە بە پێغەمبەر موسا (عليه السلام)لەصەحیحدا هاتووە ئەلۆ : پێغەمبەر موسا (عليه السلام) ملك الموت هات بۆلای بەس لەسەر شکلی پیاوێك نەیوت من ملك الموتم هات وتی ئەمەوێی رۆحت دەرکەم ئەویش وای زانی ئینسانە یەك دانەی دا بەچاویدا و چاوی کوێر کرد ، پێغەمبەر موسا (عليه السلام) بەهێز وبەقوەت بووە هەتاوەکو خۆتان ئەزانن لەقورئاندا باس کراوە بۆکسێکی دا لەکەسێك بەبۆکسەکە کوشتی (فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيۡهِۖ)[٢٥] ماشاء الله بەهێز و بەقوەت بوو بەردەکەی هەلگرت هی

[٢٥] سورة القصص اية : ١٥

سەر بیرەکە مەرو مالی ئافرەتەکانی ئاودا ، تەبعەن ملك الموت(علیه السلام) نەیوت من ملك الموتم ئەویش لێدا چاوێکی کوێر کرد چوەوە بۆلای الله تعالی وتی خوایە تۆ منت ناردوە بۆلای کەسێك کەمردنی ناوێی وتی: برۆ پێ بلێ ئەگەر ئەتەوێی با دەست خاتە سەر گایەك چەند مولەژێر دەستی دا بوو ئەوەندە سالیتری ئەدەمەوە ، هات بۆلای وتی : من ملك الموتم ئەوەهاتم بۆ رۆح کێشانت ئەمجارە خۆیی پێ ناساند ، وتی الله تعالی وای وتوە !موسا (علیه السلام)وتی ئەی دوای ئەوە کە ئەوەندە مووە دەچێتە ژێر دەستی ؟! لەوانەیە چەندەها مو بکەوێتە ژێر دەستی ، وتی هەر مردنە . وتی : دەی ئێستا بمرێنە .

مەبەستمان لێرە ئەوەیە ئەگەر بەوەحیەك بۆت هات بلێ ئێستا یان لەحزەیکیتر تۆ ئەمرێی . یان بۆچی زۆر دوور برۆین ئەوانەی کەوا ئەخرێنە ژووری لەسێدارەدانەوە پێیان ئەوترێی ١٠ یان ٥ سەعاتی تر ئەمری چی دەکا ئەم کەسە ، ئەگەر ئیماندار و بەتەقوا بێ خێرا دوعا ئەکات و ئەپارێتەوە یانی لەحزات نادۆرێنی ،! دەتۆش ئاوای دابنێ هەریەك لەئێمە وابزانین ئێستا ئەمرین دوای سەعاتێکتر ناگەین بەشەو ، بەلاٌم لەبەر ئەویە ئەوەندە هیوامان زۆرە ئاگامان لەم شتانە نیە ونەماوە .

د-(أن یعرف فضل القیام اللیل)برۆ ئەو حەدیس و بابەتانە بخوێنەوە لەسەر شەو نوێژ تاوەکو لات شیرین بێ تاوەکو بیکەیت .

هـ-(ومن أشرف بواعث علی ذلك الحب لله تعالی)لەمانە هەمووی گەورتر ئەوەیەخۆشەویستی الله تعالی لەبەر خۆشەویستی ئەو ، خۆشەویستەکەت زۆر زۆر بکەرەوە ئەمانەت هەمووی لا ئاسان دەبێ بۆیە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەهەموو کەسێك زیاتر عیبادەتی دەکرد لەهەموو کەسێك زیاتر .

و-(وقوة لما بإن إذا قام نجا ربه أنه حاضروا ومشاهدوا فحميل المونـاجات علي طول القيام)ئالەو کاتەدا کە هەست دەکا لەگەل الله تعالی دا قسە ئەکا موناجات ئەکا وای لێ ئەکات درێژیشی بکاتەوە ، قسەکردن لەگەل الله تعالی دا خۆشە یاخود نا ، ئێستا بیکەن بەیەقین ئەگەر تۆ الله تعالی ببینی یانی الله تعالی خۆیمان لێ نەشارێتەوە ، الله تعالی تەبعەن

مەوجودە ئەبینرێ لەرۆژی قیامەت بەس ئێستا خۆیی نیشانی کەس نادا ، بۆتاقیکردنەوە هەتا تاقی مان بکاتەوە ، بەس ئەگەر بیبینی بەچاوی خۆت تێر ئەبی لەقسەکردن لەگەلیدا ! حەز دەکەی بەجێبێلی نەوالله ! .

ئینجا ئەم یەقینەت هەبێ لەم کاتانەدا .

ت-(فلنحمل على قيام الليل ودعاء والإستغفار باالأسحار الذي اخر أوقات نزول الاهية متضميمل الإستعراض عوائج السائلين واستغفار المذنبين وتوبة تائبين)بەتایبەتی بەشە ئاخیرەکەی ئاگاداری داوای لێخۆشبوونەکان بکەین لە ئەسحار ، بزانن چۆن الله تعالى وەسفی ئینسانی ئیماندار دەکا .

الله تعالى دەفەرمووی : (لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ)بۆ ئەوکەسانەی کەوا تەقوا کارن الله تعالى چەندەها بەهەشتیان ئەداتێ (تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ)کەپریەتی لە جۆگە و رووباری خۆش (خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ)هەتا هەتای تێدا ئەژین وە ژنی خاوێن وپاکیان ئەداتێ وەك دونیا نیە لەدونیا هەمووومان ئەزانین ئێمە چۆنین و چۆن نین !پێویستیمان بەپاك بوونەوە هەیە بەلاَم لەقیامەت وانیە پیاو ژن خاوێنە هیچ پیسایەتیەك نابینی (وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ ۗ)لەدوای ئەوە الله تعالى لێت رازی دەبێت (وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ)[26] الله تعالى بینایە بە بەندەکانی خۆیی کامانە ؟! (الَّذِينَ يَقُولُونَ)ئەوانەی کە دەلێن (رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)[27] خوایە ئێمە ئیمانمان هێنا خوایە لێمان خۆشبە خوایە لەعەزابی ئاگر بمان پارێزە (الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ)[28] الله تعالى چۆن وەسفی کردن تێبینیتان کرد ، ئەوانەی صەبر و ئارامی دەگرن لەسەر تاعەت وە لەسەر نەکردنی تاوان وە لەسەر ناخۆشیەکان ئەوانەی کەوا راستگۆن ئەوانەی کەوا تاعەتی الله تعالى دەکەن وە ئەوانەی کە دەبەخشن لەپێناوی الله ئەوانەی کە لەکاتی پاشێودا داوای لێبوردن لە الله تعالى دەکەن و تەوبە و ئیستغفار دەکەن . بەتایبەتی لەمانگی رەمەزاندا زۆر ئاگاداری ئەم کاتە بە

---

[26]: سورة ال عمران اية :١٥
[27]: سورة ال عمران اية : ١٦
[28]: سورة ال عمران اية : ١٧

لەکاتی نانخواردنەکەشدا هەر داوای لێخۆشبوون لە الله تعالى بکە چونکە بەراستی ئەم مانگە دەرسە بۆئێمە وشیارمان دەکاتەوە .

لەعەمری کوری عبسەوە (رەزای الله تعالى لێ بێت) دەفەرمووێی : گوێی لە پێغەمبەر بووە (صلى الله عليه وسلم)(أقرب ما يكون الرب من العبد في جوف الليل الآخر)نزيکترين کاتێك کە الله تعالى لەبەندەکانی نزيك بێ لەبەشی ئەخيری شەودايە (فإن استطعت أن تكون ممَّن يذكر الله في تلك الليلة فكن)[٢٩] ئەگەر دەتەوێی یەکێك لەوانەی کەوا يادی الله تعالى دەکەن وە عيبادەتی الله تعالى دەکەن تۆ یەکێك بە لەوکەسانە لەوکاتەدا .

(وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين)

[٢٩]:رواه الترمذي